**براکوژی مۆدێرن**

**ئازاد مستۆفی**

**پاش ئەوەی لە درێژایی مێژوودا، کوردستان لە نێوان وڵاتەکانی ئێران، عێراق، تورکیا، سووریا و دوو کۆماری ئازەربایجان و ئەرمەنستانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو دابەشکرا، کوردیش بووە دراوسێی زۆرەملی پێکهاتەی ئەو وڵاتە داگیرکەرانە. چونکە کورد دەسەڵاتدار نەبوو هەروەها ژێرخانی کلتوورییەکەی لەو ئاستەدا نەبوو بتوانێت زاڵ یان خود کاریگەر بێت بەسەر کلتووری پێکهاتەکانی دیکەی دراوسێیدا، بۆیە کەوتۆتە ژێر کاریگەری کلتووری ئەو دەسەڵاتانەوە. هەڵسوکەوتی ئەو دەسەڵاتەنەش لەگەڵ نەتەوەی کورد چەوسێنەرانە بووە بە شێوازی جیاوازەوە، لە کاتێکدا کورد لە ئەرمەنستان رادیۆی کوردی هەبووە لە ئازەربایجان مافی کورد بوونیشی نەبووە. لە کاتێکدا لە عێراقی دەسکردی بەریتانیا فوتابخانەی کوردی هەبووە لە تورکیای پاشماوەی عوسمانی زمانی کوردی قەدەغە بووە. لە کاتێکدا لە ئێران پارێزگای کوردستان دانی پێدانراوە لە سووریا کورد بە موهاجر وەسفکراوە. بەداخەوە ئەم دابەش بوونەی خاک و نەتەوەکەمان کاریگەری نەرێنیشی داناوەتە سەر جۆری مامەڵەکردنی کوردی ئەو پارچانەی کوردستان لەگەڵ یەکتردا. لە جیاتی ئەوەی دژی ئەو داگیرکارییە و پارچەبوونە بوەستین، خۆمان بە عێراقی و ئێرانی و تورکی و سووری دەناسێنین و هەرکامەمان کلتووری ئەم داگیرکارمان لەوەی دیکە پێباشترە و شانازیشی پێوە دەکەین. جێ پێی کاریگەری کلتووری داگیرکار بەسەر زمان و ئەدەبیاتیشدا لەو پارچانەی کوردستان خۆ دەنوێنێ بۆ نموونە، لە باشووری کوردستان وەرگێڕانی دەقاودەق لە عەرەبییەوە بۆ کوردی: "سەمونخانەی حاجی عەلی حەجەری"، سەمونخانەکە حەجەرییە یان حاجی عەلی؟ دەیان نموونەی هەمە جۆرەی دیکەی لەو بابەتە.**

**گرنگی تەمەنی یانزە مانگەی کۆماری کوردستان لە مهاباد دەسکەوتەکانی بوو. لەو کۆمارەدا کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان میوان نەبوون، لەگەڵ خانەخوێدا خاوەن ماڵ بوون و پلە و پایەیان هەبوو. بۆ بەرژەوەندی کاتیی بەکارنەهێنران و هەرگیز هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت حزبەکەی پێشەوا قازی محەمەد بۆ بەرژەوەندی خۆی کوردی پارچەیەکی دیکەی بەسەربڕاوی یان بە زیندوویی یان بەبێهۆشی تەسلیمی هیچ داگیرکارێک نەکرد بەڵام بەداخەوە فایلی مامەڵەی پارچەکانی دیکەی کوردستان لەگەڵ رۆژهەڵات لەو بارەیەوە بۆ بەرگری کردن نابێت. هەمووکات رۆژهەڵاتی کوردستان بە خەمی پارچەکانیی دیکەی کوردستانەوە خەمبار و بەشادییانەوە شادومانە. ئینتیما و بەجێهێنانی ئەرکی نەتەوەییان لە کارەساتی کۆڕەوەکە، خۆپیشاندانی خوێناوی لە کاتی گرتنی ئۆجەلاندا و شادمانی دەربڕین لەکاتی بە سەرۆکایەتی بوونی بەڕێزان کاک مەسعوود و مام جەلالدا (کە چەند کەس برینداریشی لێکەوتەوە) دوای پرۆسەی ئازادی عێراق و دەیان نموونەی لەو بابەتە.**

بەڵام بەداخەوە هەر ئەو باشووری کوردستانەی کە بەرژەوەندی ئەمریکا و بەریتانیا هێڵی قەدەغەکراوی 36 دەرەجەیان بۆی بەکارهێنا و بووە نەفەسێکی ئازادی و دیموکراسی بۆ کورد، هەنووکە بە هۆی هەندێ مێشک و قەڵەم کە هیچ جۆرە ئینتیمایەکی نەتەوەییان پێوە نابیندرێت هەوڵی ئەوە دەدەن بە پێی گۆڕینی سەردەم لە شەڕی سەربازی و چەکەوە بۆ رۆژنامە و قەڵەم ئەوانیش براکوژی لە تیرۆر و کوشتن و تەسلیم کردنەوە بگوازنەوە بۆ نووسین و راپۆرت و بابەتی بێبنەما، کەئەگەر سەردەمانێک دوژمن بینووسیبایە بێگومان لەگەڵ وەڵامی توندی هەموو کوردێک رووبەڕو دەبۆوە. دیارە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا، پێشڤەچوونی شعوور و مەعریفە لەخۆ ناگرێت. گۆڤاری جیهان لە راپۆرتێکیدا ئەوەی وڵاتپارێزیک نایڵێ ئەوان دەیڵێن، نووسییەتی "رۆژهەڵاتییەکان باشووریان خوارد". ئایا ئەوە مانشێتی گۆڤارێکە لە باشووری کوردستان دەردەچێت یان لە چاپخانەکانیی داگیرکارانەوە؟ بەوەش ناوەستێت و "کوردستانی یەک پارچە بە قسەی جوانی سەرکاغەز کە ناشێت هەموو کەس بڕوای پێی هەبێت" وەسف دەکات. پێشتریش بیستبووم کە دەیانگوت: "رۆژهەڵاتییەکان کەلوقوژبنی کوردستانیان داگیرکردووە".

لە باری ئەمنییەوە فایلی هەموو کوردی پارچەکانیی دیکەی کوردستان لە دەزگای پەیوەندیدار هەیە و ئەگەر گومانێک هەبێت بەرپرسایەتییەکەی وەئەستۆی ئەوانە، دیارە ئەرکی هەر کوردێکە بۆ پاراستنی خاکەکەی هەوڵبدات. لە بواری ئیش و کاریشەوە هەر کەسێک لە وڵاتێک دەژیت بەپێی کاری مەعاش وەردەگرێت، کورد بێت یان عەرەب یان فیلیپینی. رۆژهەڵاتییەکان لە باشوور کەمترین رێژەن و بۆیە دیارن چونکە خاوەن ئەزموون و پسپۆڕن، کارمەندی بن دیوار نین، کاریان لە روویی ویژدانەوەیە و داهێنەر و لێهاتوون. ئەگەر کارکردن لە وڵاتێک بە مانای داگیرکردن و خواردنیەتیی، بۆ باشوورییەکان لە دەرەوەی وڵات ناگەڕێنەوە بەڵکو پتریش روویی تێدەکەن؟ تا ئێستا چەندین جار وڵاتانی ئەورووپی رایانگەیاندووە بە مەرجی وەرگرتنەوەی عێراقییەکان لەلایەن دەوڵەتەکەیانەوە، باڵوێزخانە و کۆنسولگەری لە بەغدا و هەولێر دەکەنەوە. عێراق نەبێت لەکام وڵات بووە بەرپرسانیی رابگەیەنن ئێمە هاووڵاتیانی خۆمان وەرناگرینەوە؟ نووسینی ئەو بابەتانەی بێ ئینتیمایی نەتەوەیی پێوە دیارە و ئاکامەکەی لێکدابڕانی کوردی پارچەکانی کوردستانە و بەس لە بەرژەوندی دوژمندایە. دوژمنان و داگیرکارانی کوردستان کە دەیانەوێ هێرشی سەربازی بکەنە سەر پارچەیەکی کوردستان، هەموو پێکەوە یەکدەنگ لە دەوری یەک مێز کۆدەبنەوە و پیلانی هاوبەشی بۆدادەنێن، مێشک و قەڵەمی کوردی نەزانیش، "کوردستانی یەک پارچە بە قسەی جوانی سەرکاغەز کە ناشێت هەموو کەس بڕوای پێی هەبێت" وەسف دەکات و چاوی بە لێهاتوویی کوردستانییەک هەڵنایەت.